# منداڵانی گەڕەک یان منداڵانی شۆڕش
عەزیز ڕەئووف

ئەوەی لە ڕۆمانە نایابەکەی نوسەرو شاعیر  هیوا قادر "منداڵانی گەڕەک"دا دەیبینین بریتیە لە بینینی جیاوازی لەنێوان دوو کەلتوری جیاواز. لە سەرەتای دەسپێکی ڕۆمانەکەوە خوێنەر هەست بەوە دەکات کە نوسەر خۆی لە مەنفا دەژی و هەڵبژاردنی ناوی سیسیلیا بەسە بۆ ئەوەی کە نوسەر دەورازەیەک بکاتەوە بەڕووی ژیانی کەسێکی پاشماوەی جەنگەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ژیانی ئاوارەیی لە خۆرئاوا.
گوڵ محەمەد،  ئەو کوردەی کە لە مەنفا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ سیسیلیای کچی ڕۆماننوسێکەوە، کە دوور لە دایک و باوکی دەژی ناچار دەکرێت بەسەرهاتی خۆی بۆ ڕۆماننوسێک بگێڕێتەوە. مەرجی سەرەکی سیسیلیا بۆ باوکی ئەوەیە کە دەبێت ڕۆمانێک لەسەر ژیانی گوڵ محەمەد بنوسێت. ئەمەش دەروازەیەکە بۆ گەڕانەوە بۆ منداڵی و بیرەوەریەکانی گەڕەک و دواتر گەورەبوون و ململانێ و شەڕی براکان لە شاخ.
ئەوەی لەم ڕۆمانەدا نوسەر هەڵوێستەی لەسەر دەکات یەکگرتوویی خێزانە لە ڕۆژهەڵات و تێکشکانێتی لە خۆرئاوا،  ئەوە هەر کارەکتەرێکی ڕۆژهەڵاتە دەتوانێ کچ و باوکێکی خۆرئاوا بەیەک بگەیەنێتەوە.
ئەو خەسڵەتەی لەم ڕۆمانەدا بەدی دەکەین ئەوەیە کە تۆ دەبێت هەموو ڕۆمانەکە بخوێنیتەوە. دیارە دەبێت هەموو ڕۆمانێک تا کۆتایی بخوێندرێتەوە بەڵام من مەبەستم ئەوەیە تۆ ناتوانیت لەم ڕۆمانەدا چاپتەرێک وەرگریت و بیخوێنیتەوە یان قەڵەمێک هەڵگریت و خەت بەژێر کۆتەیشنێکدا بێنیت. ئەمە بە جیاواز لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی کە تۆ دەتوانیت چاپتەرێک وەرگریت و بیخوێنیتەوە و کۆمەکیشت بکات بە مانا. بۆ نمونە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە تۆ دەتوانی بەشی کۆتایی بخوێنیتەوە کە مشتومڕێکی فەلسەفیە لەنێوان خەندانی بچکۆلە و زەینەبی کوێستانیدا و دەشتوانی قەڵەمێک هەڵبگریت و چەند دێڕێک ئەندەرلاین بکەیت. لە ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموکدا تۆ دەتوانی بەشێکی وەک "گفتوگۆی نێوان بکوژ و کوژراو" بخوێنیتەوە و کۆمەکێکی باشت دەکات بەوەی لانی کەم لە نێوان عەلمانیەت و ئیسلام لە تورکیا شارەزابیت. بەڵام یەکێک لە سیحرەکانی ئەم ڕۆمانەی هیوا قادر ئەوەیە کە تا دوا دێڕی ڕۆمانەکە نەخوێنیتەوە ناتوانی هەڵوێستەی لەسەر بکەیت.
ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە کەمێک ماندوو دەکات ئەو بازدانەیە لەنێوان ئێرە و ئەوێدا کە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، هەرچەندە خوێنەر کەمێک ماندوو دەکات بەڵام کە تەواوی ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە تەواو لەوە حاڵی دەبیت کە ڕۆماننوس چەند سەرکەوتوو بوە لە تێکەڵکردنی ڕووداوەکان بەیەکەوە.
ڕۆماننوس لە وەسفی ژیانی تاکەکەسی و ژورە سادەکاندا زۆر سەرکەوتووە. لە لاپەڕە حەفتای ڕۆمانەکەدا نوسەر وەسفێکی ژووری سێ  پورەکەی دەکات و دەڵێت:"ئەم سێ پورەم لە ژوورێکی خانووە پڕ لە ژوورەکانی ئێمەدا دەژیان، دیار بوو زۆر پێش لەدایکبوونی من ئەوان هەر لەلای باوکم ژیابوون کە برابچووکی هەمویان بوو، ژوورەکەی ئەوان هەمیشە بۆنی بەرماڵ ودۆشەکەڵەی گەرم و سمڵ و مێخەکی لێ دەهات............"
لەم وەسفەدا هەست دەکەیت سەرباری ناشرینبوونی جیهان هێشتا کەسانێک هەن لە دەرونیاندا شتە جوانەکان هەر ماون، خەڵکانێک هەن دەکرێت ژیان بەوانەوە جوان بێت.

ئەوەی لەم وەسفانەدا نوسەر هەڵوێستەی لەسەر دەکات ئەوەیە کە جوانیەکی باسنەکراو هەیە کە پێویستە باسی بکەین و جوانیەکی شاراوەیە، پورەکانی گوڵ محەمەد یەک دنیا نهێنیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە و کە دەبێت باس بکرێن و ناکرێت بە نهێنی بمێننەوە، ئەمە لەکاتێکدا نوسەر دەیەوێت لەڕێکەی ئەم ڕۆمانووسە بیانیەوە بڵێت کە لە خۆرئاوا نهێنیەک نەماوە بۆ باسکردن و هەموو شتێک شایەنی قسەلەسەرکردنە. سێ پورەکەی گوڵ محەمەد شەرم لە کوندەپەپوو و یان هەر زیندەوەرێکی نێرینە دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا سیسیلیا لەگەڵ باوکیدا لە خۆرئاوا قسە لەسەر سێکس دەکات. ئەمەش ئەو جیاوازیە گەورەیەیە لەنێوان ئێرە و ئەوێدا کە نوسەر زۆر بەوردی هەڵوێستەی لەسەر دەکات.

نوسەر زۆر بە وەردی باس لە پاکیزەیی ژنگەلێک دەکات کە خۆیان لە سێ پورەکەی گوڵ محەمەددا دەبیننەوە. ئەم سێ پورە کە شەرم دەکەن باس لە یەسەرهاتەکانی خۆیان بکەن و بە چەندین جۆری جیاواز هەرسێکیان عاشقن و پڕن لە وەفا، لەکاتێکدا پڕن لە پاکیزەیی. پورە عەنبە ئەوەندە پاکیزەیە دەزانێت کەی بومەلەرزە ڕوو دەدات و تەنانەت حورمەتی کرمەکانیشی لایە. پاکیزەیی ئەم ژنانە لەنێو سروشتدا بەجۆرێکە کە ڕێز لە باڵندە و کرم و بولبولەکانیش دەگرن.

بەو پێودانگەی بەرلەوەی ڕۆمانووس هیوا قادر ڕۆمان بنوسێت شاعیر بووە، بۆیە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا بیری دەچێت کە ڕۆمان دەنوسێت و بە زمانێکی شیعری وەسفی شتەکان دەکات. لە لاپەڕە 141دا نوسەر دەڵێت:" دەمی قازەکانمان دەبەست، سوژنمان دەکرد بە لوتی ژیژکەکاندا، سەرچاوەی کانی پاڵ بنارەکانمان کوێر دەکردەوە، فومان لە تۆڕی لۆکزەکانی ماڵان دەکرد، قالۆنچەمان فرێدەدایە ناو تەنووری پڕ لە پشکۆوە و بەدەنگی تەقینیان پێدەکەنین، میزمان دەکرد بە بۆقەکاندا،..........". ئەم دێڕانە زیاتر بە زمانێکی شیعری دەچن، هەرچەندە لە ڕوداوەکە لاینەداوە و نوسەر زۆر سەرکەوتوو بووە لە هێنانەوەی ئەم رستانە لە شوێنی خۆیدا.

ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی مێژووی کوردە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ئەوەی نوسەر لە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی منداڵی کاری لەسەر کردووە، گێڕانەوەی مێژووی شارێکە کە پڕە لە جوانی و ناشرینی و شکست و هەستانەوە. هیوا پێمان دەڵێت ئەوە هەر چەقۆوەشێنەکانی شارن دواجار ڕوو دەکەنە شاخ و بەشێکی گرنگ لە شۆڕشی کوردی پێک دەهێنن و تەنانەت تۆڵەی بەشێکی زۆری پیاوانی شاخ درێژکراوەی شەڕە گەڕەکەکانی شارە. بۆنمونە زۆر ڕوداو لەم ڕۆمانەدا بەدی دەکەین کە بێ ئەوەی ناوی کەسەکان هاتبێت دەزانین ئەوە ڕوداوێکی ڕاستەقینەیەو لەو سەردەمەدا ڕوویداوە. بۆیە زیادەڕۆیی ناکەم کە ئەستەمە لەمێژووی دوو دەیەی پێش ڕاپەڕینی خۆمان بگەین بەبێ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە. ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی مێژووە بە فۆرم و تەکنیکێکی ئەدەبیەوە کە لێوانلێوە لە ڕاستی و ئەوەی لەناو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ژیابێت هەست بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات.

ئەم ڕۆمانە پڕە لە کارەکتەرگەلی نەخۆش و تێکشکاو و شەڕانی و چەقۆوەشێن و پیاوکوژ و بریندار و عاشق، کە بینینی ئەم هەموو کارەکتەرە تێکشکاوە گێڕانەوەی سەردەمێکی پڕ لە نەهامەتی کۆمەڵگەی ئێمەیە. وە هەندێ جار زەرێک لە کارەکتەرەکانی هەم جوانن و هەم ناشرین. ئەم ئاشتیخواز و هەم شەڕانی.گوڵ محەمەد لەیەککاتدا پڕە لە جوانی و

بڕواشی بە تۆڵەکردنەوە هەیە و مرۆڤێکی کوشتووە. کە ئیعترافەکانی گوڵ محەمەد دەخوێنیتەوە بەدەست خۆت نیە ئەم پیاوکوژەت خۆش دەوێت.
دواجار گوڵ محەمەد بەرگەی ئەم هەموو ناشرینیەی شۆڕش ناگرێت کە لە بەرەی شەڕدا برا دەستی دەچێتە خوێنی برای خۆی. لێرەوە گوڵ محەمەد پشت دەکاتە شۆڕش و بێئومێدە لە کردەوەکانی شۆڕش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ئیدی بۆ دواجار ڕوو دەکاتە هەندەران و لەگەڵ باوکی سیسیلیای خۆشەویستدا بڕیار دەدەن کە سەرجەم ڕووداوەکان بۆ ئەم ڕۆماننوسە بگێڕێتەوە و ئەویش بیکات بە ڕۆمان، ئەمەش لەسەر داوای سیسیلیای کچی کە تاکە مەرجی تەواو کردنی ڕۆمانی "منداڵانی گەڕەک"ە بۆ ئەوەی پاش چەندین ساڵ ڕۆماننوس لەڕێی گوڵ محەمەدەوە کچە تاقانەکەی ببینێتەوە.
هەرچۆنێک بێت ئێمە لەبەردەم ڕۆمانێکداین کە شایەنی خوێندنەوە و لەسەروەستانە.
بەبڕوای من ڕوداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان ڕەنگە هۆکار بووبن بۆئەوەی کە ئەم ڕۆمانە بەبێدەنگی تێپەڕێت و قسەی لەسەر نەکرێت. بەڵام لە هەر سەردەمێکدا ژیان بگوزەرێنین شتە جوانەکان بەهای خۆیان ون ناکەن. ئەم ڕۆمانەی هیوا قادر هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

منداڵانی گەڕەک
ڕۆمانی هیوا قادر. ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب. سلێمانی 2010